## 2011بانگێشکردن بۆ پێشکەشکردني پڕۆپۆزەڵ -

پڕۆگرامی کۆمەڵگاي دەستپێشخەری مەدەنی - عێراق

1. زانیاری و بنەما بنچینەیەکانی بانگێشتکردن بۆ پێشکەشکردني پڕۆپۆزەڵ

کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری بێسەرووشوێنبووان لە ڕێی پڕۆگرامی کۆمەڵگاي دەستپێشخەری مەدەنیەوە لەعێراق بانگئشتکردن بۆ پێشکەشکردني پڕۆپۆزەڵ ڕادەگەیێنێت. ئامانجی سەرەکی ئەم پڕۆگرامە بریتییە لە پشتگیریکردنی ڕێکخراوە نا حکوومیەکان کە هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ کێشەی بێسەرووشوێنبوان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی مافی خێزانەکانیان.

ئامانجی درێژخایەنی پڕۆگرامی کۆمەڵگای دەستپێشخەری مەدەنی لە عێراق، بریتیە لە هاندانی پەرەپەدانی هەماهەنگی و هاوکاریکردن لە نێوان ڕێکخراوە نا حومیەکان و لایەنە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگا و لایەنە حکومیە پەیوەندیدارەکانە لە عێراق لە پرۆسەی چارەسەر کردنی کێشەی بێسەرووشوێنبوان، ئەوەلییەتی ئەم بانگێشتکردنە بریتیە لە کۆمەککردنی دارایی ئەو پڕۆژە چالاکیانەی کە بە هاوبەشی جێبەجێ دەکرێن لە نێوان ڕێکخراوە ناوخۆیە نا حکومیەکان لە هەموو وولاتدا بۆ هاندانی پەیوەندی نەتەوەیی و فرەیی، دروستکردنی گفتوگۆو دایەلۆگ و گفتوگۆ لە نێوان نەتەوە زیان لێکەوتووەکان.

2. کێ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ ئەم کۆمەکە داراییە:

ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە بە شێوەیەکی یاسای تۆمار کراون، ئەولییەتیش بۆ ئەو ڕێکخراوانەیە کە بە شێوەیەکی هاوبەش کاردەکەن. هاوبەشیەکەشیان لە گەڵ ئەو تۆڕ وو ڕێکخراوانەی کە بە یاسایی تۆمارکراون لە هەمو وولاتدا.

3. چ پرۆژە چالاکیەک دەکرێت کۆمەک بکرێت؟

دەبێت ئامانجی پرۆژە چالاکیە پێشنیازکراوەکە بەدیهێنانی ئەماناى خوارەوە بێت:

-- کارکردن بۆ بەدەست هێنانی مافی ئەوانەی (پاشماوەی قوربانیەکان) کە لە ژیاندان و بەشێک لە ئەندانامانی خێزانەکانیان وون بونە

ئەو چالاکیانەی کە ڕەنگە پشتگیری بکرێن لە ناو ئەوانی تر پێکدێت لەمانە:

-- درووستکردنی ڕای گشتی بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە بێ سەروشوێنبوان

-- بەڵاوکردنەوەو نەشرکردنی یاساکانی تایبەت بە بێسەروو شوێنبوان و شەهیدان

-- سازدانی بۆنەی فرە نەتەوەیی بۆ پاشماوەی قوربانیەکان، بەرزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان سەبارەت بە یاسا تاییبەتەکانیاکان و ڕێوشوێنە یاساییەکان.

-- سازدانی چالاکی بە کۆمەڵ و دروستکردنی نێتورێک (طوڕ) بۆ بێسەرو شوێنبوان کاروباری شەهیدان.

-- هاندانی هاریکاری هەرێمی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق لە ڕێی چالاکی بۆ خێزانی شەهیدان و بێسەرو شوێنبوان بە شێوەیەکی هاوبەش

-- دروستکردنی ڕایگشتی بۆ جێبەجێ کردنی یاساکانی تاییبەت بە بێسەرو شوێنبوان و شەهیدان و قوربانیانی دەستی رژێمی پێشوو. پێشخستنی ئەو میکانزمانەی کە دەبێتە هۆی جێبەجێ کردنی کرداری بۆ

بۆ بەدەستهێنانی مافەکانییان و دۆزینەوەی چارەنوسی بێسەروشوێنبوان، ئەمەش بە دروستکردنی پردی پەیواندی لە نێوان ڕێکخراوە ناوخۆیە نا حکومیەکان و لایەنە حکومیە پەیوەندی دارەکان کە لە بواری شەهیدان و بێسەرو شوێنبوان کاردەکەن.

- **بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیار و پەرەردەیی و هاوبەشی(شەراکەت)**

ئەو چالاکیانەی کە ڕەنگە پشتگیری بکرێن لە ناو ئەوانی تر پێکدێت لەمانە:

-- کارا کردنی هاریکاری هەرێمی لە نێوان ڕێکخراوە نا حکومیەکانی عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و/ یان لایەنە حکومیەکان کە چالاکن لە رۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا لە ڕێی کارو چالاکی هاوبەشەوە

-- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیار و پەرەردەیی و هاوبەشی(شەراکەت) بە بەشداریپێکردنی هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵگا بەتایبەتی چینی گەنجان و لاوان، بە لەبەر چاو گرتنی بابەتەکانی کە پەیوەندی بە کێشەی بێسەرو شوێنبوان هەیە لە عێراق.

-- بەشداری پێکردنی دامو دازگاکانی خوێندنی باڵا، بە رزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە نێوان کارمەندە ئاکادمیەکانی ئەم بوارە لە عێراق.

**پێشخستنی کاری هاوبەش لە یادکردنەوەو بۆنە تایبەتەکانی بە سەروشوێنبوان .**

ئەو چالاکیانەی کە ڕەنگە پشتگیری بکرێن لە ناو ئەوانی تر پێکدێت لەمانە:

- کار ئاسانی کردن لەسەر ئاستی هەرێمی و نەتەوەیی بۆ پێشخستنی گفتوگۆ و دایەلۆگ لە یادکردنەو بۆنەکانی تایبەت بە بێسەروشوێن بووان و شەهیدان.

- تویژینەوەی زانستی و پشتگیرکردنی یاسا ناوخۆیەکانی کە پەیوەستن بە یادکردنەو بۆنەکانی تایبەت بە شەهیدان و بێسەروشوێنبوان.

- سازدانی چالاکی لە سەر ئاستی نەتەویی و هەرێمی لە بۆنەوو یادەکاندا بۆ ناساندنی رۆژو بەروارە ئاب و ڕۆژی 30گرنگەکانی بێسەروشوێنبوان مافەکانی مرۆڤ وەک: (رۆژی جهانی بە سەروشوێنبوان لە ( کانونی یەکەمی هەموو ساڵێک10جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە

4. جۆری کۆمەکە دارییەکان

**کۆمەکی پرۆژە** – ئەو پرۆژانە کۆمەک دەکرێن کە بە هاوبەشی جێبەجێ دەکرێن لە ماوەی چوار بۆ . هەشت مانگدا

**کۆمەکی ماوەکورت** - ئەو پرۆژەو چالاکیانە کۆمەک دەکرێن کە بریتیین لە: کردنەوەی خولی ڕاهێنان، . سیمینار، ۆورکشۆپ، کۆبونەوە هتد... ئەو لایەنانەی کە هاوبەشەکانیان کۆمەککراون لە کۆمەکی پرۆژە (وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پەکراوە) مافیان نیە داوایی پرۆژەی ماوەکورت بکەن وەک بەشێکی زیادکراو بۆ کۆمەکی دارایی، چونکە ئەوانە پێشتر کۆمەک کراون.

داواکاران دەتوانن زیاتر لە داواکاریەک پێشکەش بکەن بۆ ئەم بانگێشکردنە بۆ پێشکەشکردني پرۆپۆزەڵەکانیان

**5. چی کۆمەکی دارایی دەکرێت لە ژێر کۆمەکی پرۆژە؟**

موچەی یەک کەس لە ڕێکخراوی داواکار یان هاوبەشی رێکخراو (کان)، تێچووی جێبەجکردنی پرۆژە چالاکیەکان (وەک: تێچووی گواستنەوە، مانەوە" هۆتێل"، خواردن، کرێی هۆلی کۆنفرانس، فۆتۆکۆپیکردن، پێداویستیەکانی کۆنفرانس هتد...) وە هەروەها تێچووی ئۆفیس وەک: پێداویستی ئۆفیس، تەلەفۆن یان پەیوەندی کردن، ئینتەرنێت، پۆستە.

کە ICMP پشتگیری کاری ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات کە لە بواری بەسەرو شوێنبوان

(و شەهیدان کاردەکەن، چەن تێچویەک دەکرێت کۆمەک بکرێن لە ژێر کۆمەکی پرۆژەکان وەکو(کرێی ئۆفیس

. کۆی گشتی هەمو بودجەکە20تێچووی ئۆفیس، کرێ و موچە نابێت زیاتر بێت لە %

**6. چی کۆمەک دەکرێت لە ژێر کۆمەکی ماوەکورت ؟**

موچەی یەک کەس لە ڕێکخراوی داواکار یان هاوبەشی رێکخراو (کان)، وە هەرەها تێچوی پرۆژە چالاکیەکە (وەک: تێچووی گەشتکردن، مانەوە" هۆتێل"، تێچوی گواستنەوە خواردن، کرێی هۆلی کۆنفرانس، فۆتۆکۆپیکردن، (پێداویستیەکانی کۆنفرانس هتت...) وە هەروەها بەشێک لە تێچوی پەیوەندی کردن (تەلەفۆن

**7. چی کۆمەک ناکرێت:**

خزمەتگوزاری بانکی و هەر تێچویەکی تری کارگێری، وەبەرهێنان وەک: (باڵەخانە، کالوپەلی ناو ئۆفیس، ئۆتۆمۆبیل)، نۆژەنکردنەوە، موچە، هاوکاری مرۆیی راستەوخۆ وەک (خۆراک، دەرمان، چارەسەری پزیشکی، سوتەمەنی، جل وبەرگ) ئەمانە ئەم کۆمەکەکان نایان گرێتەوە.

**8. پرۆسەی دەستنیشانکردن**

بە لەبەرچاوگرتنی زانیاریەکانی ICMP ژمارەیەکی زۆری پرۆپۆزەلی پێ دەگات، لە داواکاری بۆ پرۆژەی

کۆمەککراو و داواکاری بۆ پرۆژەی ماوەکورت. دەست نیشانکردن بە گوێرەی ئەو بنامایانەی کە باس کراون لە بەشەکانی پێشەوەدا. لێژنەیەک پێکدێت کە نوێنەری بەشە جیاوازەکانی کۆمسیۆنەکەمان و هەموو ستافی پرۆگرامی کۆمەڵگای دەستپێشخەری مەدەنی لەعێراق تێیدا ئەندامن.

**9. چۆنێتی داوا پێشکەش کردنی داواکاریەکان؟**

15-01-2012دوا کات بۆ پێشکەش کردنی داوکاریەکان

پرۆپۆزەڵەکانی کۆمەکی ماوە کورت دەبێت مانگێک پێش دەست پێکردنی پرۆژە چالاکیکان پێشکەش بکرێت، وادەی دەست پێکردن هەژمار دەکرێت لە دواى مانگێک.

(پرۆپۆزەڵی پرۆژکان: (تکایە سەردانی ئەم وێبسایدەی خوارەوە بکە بۆ دۆزینەوەی فۆرمی پرۆپۆزەلی پرۆژەکان

www.icmp.org/resources/documents

فۆرمی پێشکەش کردن و هەموو بەڵگەکانی تر لە ڕێی ئیمێڵ بنێرە بۆ iraqproposal@ic-mp.org:

هاوپێچی پرۆژە پرۆپۆزەڵەکان:

جگە لە فۆرمی داواکاری ئەم بەلگانەی خوارەش بنێرە:

کۆپیەکی بەڵگەنامەی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە/ کۆمەڵەکە --

بنەماو یاسا بنچینەییەکانی ڕێکخراوەکە/ کۆمەڵەکە --

زانیاری ئەندامێتی --

بەڵگەنامەی هاوبەشبون --

کۆپیەک لە بەڵگەنامای تۆماری هابەش/ەکان --

دەکریت داواکاریەک بە زمانی کوردی، عەرەبی یاخو ئینگلیزی بێت.

بنەما بنچینەییەکان:

دەکرێت پرۆژەکە هاوبەشێک یان زیاتر لە خۆ بگرێت. --

ناونیشانی پرۆژەکە ئەولیاتی بانگێشتکردنەکەیە --

ماوەی پرۆژەی کۆمەککراو نابیت لە چوار مانگ کەمتر بێت، لە شەش مانگیش نابێت زیاتر بێت. --

پرۆپۆزەڵەکە دەبێت لە سەر بنەماو شێوەی بودجەی ستاندەر بێت --

دەبێت بەڵگەنامەی پشتگیری هەبێت --

بەڵگە نامەی هاوبەشی/ شەراکەت ئیمزاکراو و مۆرکراو --

(پرۆپۆزەڵی پرۆژەی کۆمەککراو دەبێت لە کاتی خۆیدا بنێردرێت (پێش وادەی کۆتایی --

پرۆپزەڵەکە دەبێت ئەنجامێکی روون و ئاشکرای هەبێت --

دەبێت پرۆپۆزەڵەکە ئەنجامەکانی خۆی پشان بدات کاریگەری هەبێت بۆ ئاییندە --